
*Handren*
Skandinavien
En annan ö av rökelse



**handren**

# سکاندیناڤیا:
# دوورگەیەکی تر لە بخوور

# Skandinavien: En annan ö av rökelse

"ئێستا سەردەمی بکوژانە"

ئارتۆر رامبۆ

# I

ئاوە ئەم ژوورەش بۆ گومانکارەکەی سەر کورسی
جێ...
دێڵم...

ئەوە منم لە فەنای ئاشقە بەژن راهیبەکانو شەبەنگی
شوێنەکان، بە ئاستانەی یادوەرییەکی شەوکوێر چارەنووسو
بەدبینییەک لە پڕیشک یەکانگیر دەکەم.
بەدەم کۆچێکەوە زەویم دەنگداو تاراوگەش دەرگاکانی بۆ والآکردم
ئاوە رووناکی دەمامکدراویش بە دوا کاتە سەهەندییەکانییەوە
دژایەتی مەزەندەکانم بە رەنگەکانی هێور دەکاو لە گوناهەکانی تۆش
پیرتر بەسەر درەختی تاریکیدا دەنیشێ.
بیرهاتنەوەیەک سۆراغی فەرامۆشییەک دەکا
خامۆشییەکیش لە ناو خۆمەڵێشە دامرکاوەکەیدا بە شپرزە چنراوەکانم
بۆشاییەک پڕ دەکاتەوە.
ئەوە چ زەنایەکی پرژاوە بە هاتووچۆی مەوداکانی
ئێرەو ئەوێ خەریکم دەکا؟
ناکاوییەکانی تێپەڕیو بە ناو خۆمدا دەمگەڕێنێتەوە
وەرزەکان بەرەو جوانە مەرگییە بێ مروەتییەکانیان پاڵدەدەم.
سترانێک لە دەم سروشت دەچنمەوە
پەنجەرەیەک لەسەر سەفەر دەخەمە سەرپشت

که کاتەکانم بە ماوەکانی کاڵ دەکاتەوە.

ئاوە ئەم ژوورەش بۆ گومانکارەکەی سەر کورسی
جێ...
دێلم...

کاتیش کۆتایی بەو نامەیە نەهێناو
درەنگی بو ناوی ساڵی لە یاد بردم،
لە ناو خۆمدا نابەلەد ون دەبووم دەبووایە رێکەوم.
تۆ ئەی گومانکار بەو مەزەندانە توورڕتدامە ئەو شەرڕەنگێزەیەوە.
خەونەکەی دوێنێ دەمارە گرژەکانی چاوم دەگۆشێ
ستوونە داچەمیوەکانی ئاسمان بە شانە ئاسنینەکانی زەوی
بەرز دەکەوە، تۆڕە لێکچرڕژاوەکانی زەمەن لە ناو رووحم دەپسێ،
شەرڕکەرێک بە نەخشەکانی جومجومەکانی مێژوو بەدوای سەردەمەکان
تل دەکاتەوە.
ئەو دڵەڕاوکێیەی نێوان خواوەندە ناتەباو ئەهریمەنە
پەیماندارو مەزدایە پەیام تراویلکەییانە، بە هاقڕکێیە بێ کەرەسەکانم
بۆ کۆتاییەکی نیوەچڵ کۆتا دێنم. لە خۆم دەپرینگێمەوەو
بە پێکەنینێک هێڵە خاوبۆوەکانی دنیا رادەچڵەکێنم
لێدەگەڕێم رەنگی شادمانیو تروسکایی مەلەکوت
بۆ ناو ئەو گۆشانەی رووح کە من بە نازانم دۆشداماو دەکەن

پەلکێشم بکەن.

ئەو شەڕەش بە سێرەگرتنو بە ئاراستە خوێنتێزاوەکانی

مەرگم لـێ بەئاگا دێنێ.

لە دەرگای نامۆیی دەدەم لە جوگرافیایەکدا تەم سەردوولکەیەکم بۆ دەچڕێ.

نەوەیەکیش بۆ ئایندەو قەدەرێکی نادەستپاک بە خوێندنەوەی

ناو لەپ سەرقاڵنو کێوەکانیش بە کەوڵی بیرەوەرییەکانی سەرشانیان

وەک تابلۆیە چاو بەرپرسیارو وەحشەتگرەکانی ئەم ژوورە

سەرنجم لـێ هەڵناگرن.

لە دەستم بێ کات لە جێی گڵۆپەکەم هەڵدەواسمو خۆمم تیادا دادەگیرساند،

مانگیشم بە پیادە بەسەر شوونە تێنووەکانی کۆچا دەناردەوە

لە دەستم با ئەم سەردەمی خاچو باوێشک گرتووەم لە کەندیدی ڤۆلتێر

لە حەسرەتێکەوە بۆ حەسرەتێکی تر هەڵوەدا دەکردو ژیانو سیاسەتیشم

بە رەشبینەکانی کونیگوندە لەو خۆشەویستییە سازشکارەیاندا هەراسان

دەکرد.

**خانیش** لە بووڵێڵێکدا کە رەزەوانێک لە ترێ چنینەوەدا

گۆشەی چاوی لەسەر ئەو لاولاوەی یادەوەرییەکانی جەخت دەکرد هەڵنەدەگرت.

دەستی هەکاری دەگرێو لەبەرچاوی چیای ئاگری بزنەکێویەک

راوەکاو بەناو مەحاڵدا تێدەپەڕی. لە کەناری وان شیعرەکانی

رادەخاو بە پەیڤە پێشبینراوەکانی لەسەر سوخمە کەتانییەکەی

مەمکی **زینۆیەک** رادەمووسێ.

مەمیش بە سوارێ گەلی بە گەلی بە دوای ئایندەو گوماندا

بە نێو ولاّتی شاعیرانی بەخشیش خۆرو بە گومرگ گەمارۆدراو سەرهەڵدەگرێ.

وێدەچێ ئەم ڕۆژە نەخۆشە تایەکەم گەرمترکا،

ها ئەوە شۆڕشگێڕێکی شەوکوێر هەرمێکانی بە کاڵی ڕنیەوەو

بە هوتافەوە جومگەی خاکێک بە تاڵان دەبا.

ئێوارەیەکی لەش فرۆش ڕێی نەدا سروودی پۆل پۆلی قازو قوڵینگەکان

بەرەو منداڵیم بباتەوەو بۆ جگەرە کێشانێکیش پەنای نەدام.

ئەو وێنەو تاتەنووسە ئاکار جوامێرانە لەم هەڵەتبوونەی

بێدەنگییەو لە ناو برووسکەی ئەم رووخانە بۆ ناپەیڤن؟

چما سنوورەکان نابنە ڕووبارو و کەژاوەی ئەم مێژووە پەنگخواردووەو

ئەو ڕەزەی هەنارو زەمبیلە هەڵووژە خەواڵووانە نابەخشن

بە بووکی زەریاو کیشوەرە بێناوەکان، تا منیش

لە بیابانەکەم بە **گاتاکانی** کۆڵمەوە ڕوو لە خۆر درێ بەم

لمی هەبوونە بدەم!

ئاوە ئەم ژوورەش بۆ گومانکارەکەی سەر کورسی

جێ...

دێڵم...

ئەو دەنگە بێجەستانە چین لێم ئاڵاون؟

بۆ زەوی قاچەکانم ڕادەکێشێ و بە پرسیارە خۆپەرستەکانی پێم دەڵێ:

- تۆ کێی؟

- ها؟

- نازانی؟

- ره..نگگه....!

- تۆ كێێێێێێێی...ی؟

هانایەك دوور... دوور ... له بۆشاییەكدا

د

ــه

نــ

گــ

د

ه

د

ا

ته..وه...

به رووی خۆمەوه خۆم مشتومالْ كرد

بەم زمانەی كه به —ئا—و—نا له هەڵەشدا وڕێنه دەگرێ

ئەم سەده وەرزشكاره دۆڕاوانه ریز... ریز... بۆ یەكایەتییەكی كۆنینه

لەسەره پاكانەكانیان به سكه خشكێ رادەكێشمو خواش بۆ تۆفانێ

لەسەر تۆفانی نووح ئاگادار دەكەمەوه.

زەمەن زین دەكەمو زێی ئازارەكانم به رووی رەوتی ژیان دەكەمەوه.

"وەك باڵدارێ به دوای مێژووییەكی زیندوو دەگەڕێم" #.

ئەو ئاسمانه به ئەستێرەكانەوه لەسەر ئەو گوندە بزمار رێژ دەكەم

كه تۆ وەك كەروێشكێكی خەوناوی له ناو دەستەكانم رۆیشتی، ناوەكەشی

لە یادەوەریمدا هەورێکە بە یادم نایێتەوە.
هەواش بە خەونە بازدەرو بە گێڕانەوە رامنەکراوە لە تۆڕ دەرچووەکانی
تۆ جۆشدەدەم.

مۆرووی ملوانکە هەڵواسراوەکەت بۆ ئاوێنەکە یادی بەرەبەیانێکی
بەر مانگەشەوی دەگێڕایەوە،
ئەو خڕخاڵە زیوەش کە هێور.. هێور... لەسەر پێخەوەکە دەداکەنێ و
دەزرینگێتەوە ژنێتیمان دێتەوە یاد، کەوایە هێشتا
با لە خۆمان دڵنیابین و گولاو لە خۆمان بدەین و سەرەتاتکێ
لەگەڵ ئەڤین بکەین. لێ من چ ناوێک لەم منی پەرێشانە بنێم؟!
ئەی ئەڤین بۆ ناو بوونم بسپێرەوە.
ئەی بوون بۆ خودی خۆتم بنێرەوە.
ئەی پەرێشانی لە ژن بخوازە ناوێکت بۆ بدۆزێتەوە.
ئەی زمان دوور مەڕۆ شوێنێکم پێببەخشە و دڵ ئارام بکەوە.
ئەی خود بەو سۆراغی پرسیارانەتەوە خیانەتم لێ مەکە بەرەو خۆت وەرەوە،
ئەی خود...
بوون: خود. خود: نەزانین.
ئەڤین: پەرێشانی. پەرێشانی: شوێن.
شوێن: ژن. ژن: ماتماتیکی ژیان.
زمان: پرسیار. پرسیار: شپرزەییەک بەرەو خوامان دەباتەوە.
- ئەی تۆ؟
- هێشتا زووە و ئەوانیش دیارنین، بیر دەکاتەوە!

ڕەنگە پێویست بێ لە ڕەسەنی خوێنی بوون‌و فیزیای زەمان بهزرین...
میرنشینەکان لەسەربانی حەسار دادەبەزن‌و لە بناری حەمرین
مەڕێک لەبەردەم لەشکری فتوحات سەردەبڕن‌و
**گارا** تەرمی کافرەکان لە ئامێز دەگرێ‌و بە ریشی سپییەوە
بەسەر **شێخاندا** دەگرێ،
**زەردەشتیش** وەک ناڵە ناڵی ئاگرەکان بەرەو هیندستان
دامێنی هەورامان رادەکێشێ.
ئا ئەمەش نیگەرانی بە سەوڵە ئاهەنگئامێزە ناخگرەکانی
چەپۆک لە باڵی زریانی گۆشەگیرییەکانم دەنگێوێ‌و بە چارۆگەی
چاوم‌و پیلانەکانییەوە هەڵمدەدێرێنێ، سەمتەکانی ئەم سەفەرەش
لە ناو فیکەی نەهەنگە سەوداسەرەکان سورگووم دەبن.
گۆزەیەک لە ئاوی دەزگیرانی ماسییەکان پڕ دەکەم‌و
لەسەر ڕەفەی کتێبەکانم دادەنێم، کە منداڵێتییە بێ بووکە شووشەو
گریانم بۆ کڕینی قەڵەم ڕەنگەکەم بە یاد دێنێتەوە.
ئاوە وەک ئەو کاتە تۆراوانە لە جیاتی خۆڵەپۆکی پێش ماڵ
لە دڵانەکەمەوە مێزێک بەسەر کۆڵانە تەنیاکانی ئەم شارەدا دەکەم.
دایکم لەبەر چرایەک مووە سپییەکانی سەرم لە وێنەکەمدا دەژمێرێ‌و
سپێدەی زوو بە فرمێسکەکانی سپی.... زەرد.... دەکاتەوە.
وێنەکە لە ناو دەقێکی کەوای قەدیفە کۆستە بووکێنییەکەی
دادەنێتەوە پشتی لە قیبلە دەکاو دەڵێ:

**لە وەڕینی سەگەگانەوەڕا شەر گەرمە**

**رەژگوڵەکان وەرین هەر نەدورانەوە**

جا ئاو بۆ ماڵە جیرانەکەی وەردەگێڕێ‌و

دەستپێدەکاتەوە:

**دە ئەو رادیۆیە بکوژێننەوە.**

**ئەم حوکمەتە تاعوون بلاو دەکاتەوە**

**ئەو حاجی زەردو خدری زیندە سەوزانە لۆ**

**ناگەڕێنەوە**

**هەی لـێ دە لـێ.. لـێ... لـێ.. لـ..ێ...**

اگەردەلوولێك گێژەن دەداو چۆلەکەی سەر سواندەکەی خانووەکە

هەڵدەفڕێ).

**هۆ هەورە غەزریوەکان لەسەر برسێتی بارانێ دابکا**

**ئەو دەشت‌و کێڵگەو شۆستانە رووحیان پێبدا**

**بەلامەکینێ شەڕ گەرم دەبێ‌و سەگەکانیش**

**دەوەڕنەوە**

**لێناگەڕێن رەژگوڵەکان شین بینەوە**

**هەی لـێ دە لـێ.... لـێ...لـێ...لـ...ێ**

**تۆ ئەمڕۆ لە هەندەران کاغەزەکت نەناردەوە....**

ئەوە چ پێشهاتێکە بەرەو ئەنجامە وێرانهەڵگرەکەیدا رامدەکێشێ‌و

سێبەرەکانم بێدار دەکاتەوە؟

## II

وەک هەمیشە لە دیدارەکە دواکەوتم

پەنام بۆ بێدەنگی برد لێبوردنەکانم جەخت بکا.

گەملاستان **Gamlastan** بە چرادانە رەشەکانی بەناو سەدەی هەڤدەمدا

دەیگەڕاندم، پشیلەیەکی کێوی لە دیار هێلانەی مارێکی ناو حەوشەی

**"حەسار"ی هەولێر** بە دوای بەچکەکانی دەمیاوێنێ.

بازرگانیش کۆیلە رەشپێستەکان بۆ جەنگەڵ بڕینەوە بە کەشتی

دەگوازنەوەو لەسەر ئاسیای خۆرهەڵات باجەکانیان قورستر دەکەن.

کۆڵانەکان سەرم لەدو دەنێن‌و چەوێک لەژێر پێڵاوەکانم دەپەڕێ.

ئێرە ئارامگایەکەتەو پەرێشانییەک چاوەڕێتە.

سڵاو ئەی پەرێشانی سڵاو.... سڵاو...

**Café Art** بە قاوەیەک لە تامی بەردە قاوەییەکانی دیوار

مێوانی کردین‌و بە خەندەوە مۆمی سەر مێزەکەی داگیرساند.

**مۆزارت** لە گۆشەیەکی ئەم ژێر زەمینە بەدەم هەژارییەوە

رۆژەکان بەسەردەبا.

لەشکرەکەی **Carll XII** بەرەو **تورکیا** چۆڕاوگەی ئارەقەی

هەنگاوە بریندارەکانیان دەسڕنەوە،

قەڵغان‌و تیرو جەزمەکانیان بە دیاری بەسەر مزگەوتەکانی **ئەنقەرە** دابەش

دەکەن‌و بەناو غوباری دنیادا بەرەو **Skane** دێنەوە.

کاکێشان بەسەر هەنیەی ئارارات دادەچۆڕێ‌و

دیجلەش دەبێ بە کۆچی **گلگامش**، بە باڵی ژانەکانییەوە لەم دەڤەرە ئاوا

دەبێ.

لە ئێوارەیەکی شوومدا ئەسپە پیرۆزەکانی خواوەندی Asaش

دەحیلێنن‌و دوورگە بە دوورگە جلەوی کۆچەکانم رادەکێشن.

چەندرمەکانی ئەتاتۆرك ناسکە نان لە گوندێکی لە خەوماودا هەڵدەگرن‌و

لە سپێدەیەکدا تاوسێك بە بەرچاوی ژەنگاردا سەر دەبڕن.

خێرابە خاپوور خێرابە...خێرابە...

ئەو خێڵە دیلانە نابەڵەدن رێبەرییان بکە.

ماڵئاوا ئەی کچە بە شێوە هونەرمەندەکانی تاراوگە ماڵئاوا....

برادەرەکەم سەری لە ناو کەینونەی **هایدگەر**و

گەڕانەوە ئومێدەوارییەکانی **دێریدا** لە یادکردبوو لە خۆی

دەگەڕاو دەیگوت: دەزانم زمان دڵێکی داگیرکەرە پەنام نادا.

ئەم ئاژاوەیە گوناهی هزرەکانە دەبوو کوشتارێك دەستپێبکا.

دەزانم مرۆڤو ئێمەش جمکانەی رق‌و بەزەیین ئەوانیش

بڕواداریکن لە چەقۆ.

دەزانم رووحت لەسەر رستەی عەدەم هەڵخستووە.

نا هیچ تازە نییە دەزانم... دەزانم...

هەرێ ئەی ژنە بە مێیەتییە شادەکان

هێشتا زووە تێپەڕن.... تێپەڕن...

بە بۆن‌و باڵای لووتبەرزیتانەوە بۆ کوێ... بۆ کوێ..؟

## III

ئاوە ئەم ژوورەش بۆ گومانکارەکەی سەر کورسی

جێ...

دێڵم...

دەستم بەسەر تەنیاییدا خشاندو

لەو رامانە بێدەنگەدا هەناسەکانت سستدەبێتەوە

سەرت بخە سەر پەلکی گوڵە **مەریوانە** **Marijuana**یەک کە بە پڕشنگی

لاوێتییەکەی لەسەر چینی بۆشاییەکدا هێور ... هێور...

مرازی کیژە قەیرەکانی دەلاواندەوە.

ئاخۆ ئەم سەمەندەرە بۆ لەسەر رابردوویەکی بە تەفرە دابەشکراو

گڕ ناگرێ؟

نامەکەتم داخستەوە رۆیشتم،

پڕ بە گەرووی ئاسمان بانگم دەکەی: دەتبینمەوە....

دە

تـ

بـ

یـ

نـ...م...

..ـــە

وە...

ئەو ژووانە لە یادنەکەی.

شێتێکەو لە ناو بێدەنگیدا ئەڤینداری بۆ شەیتان ئاشکرا دەکا.

ئەی شاعیر نە تۆ ولاتێکت هەیە نە ئەو ولاتەش تۆی،

نە ئایندەت رابردووەو نە رابردووش ئایندە!

لە دوودڵی خیانەتی چارەنووسەکان مەپرینگێوە رابووریّ... رابووریّ....

رابووریّ.... را

سلاو ئەی تاراوگە سلاو....!

ماڵئاوا ئەی تاراوگەی ولات ماڵئاوا....!

لەوەدەچیّ خۆرئاوا لە غەلبە غەلبی شار شەرمی گرتبیّو

ئیتر نە گویّ لە من رادێریّو نە بە ئیرەییەکانی بەرەو جەنگەڵەکان بکشیّ.

لەوەدەچیّ ئەم شەقامە بە دەست خۆیەوە سەهەندە بووبیّو نە سێبووری

بە درەختەکان بێتەوە نە بە پیاسەکانی تۆش.

کووکوختییەکی لە پەرٍاگەندە هەڵگەرٍاوەش لەسەر سنەوبەرێکی رووت ماڵی

باڵندەیەک ئاوەدان دەکاتەوەو بە دەنووک گوناهەکانی بەسەر

لقەکانەوە دەنەخشاندو وەک دەروێشێک لە ناو خروەی خەڵوەتێکدا

هەڵدەتروشکیّ.

بە دەسماڵەکەت پەپوولەیەکی نارنجی سەوداسەر دەکەم کە ئاوێزان

بەسەر قامکە سوورەکانی هەتاو گلەیی لە بێوەفایی گوڵە هێرویەک دەکرد.

چەپکیّ لە بۆنی کەزییەکانتو مشتیّ لە تووکی بن باڵی پەپوولەکەشم

بەسەر ئەو کێلانە پرژاند کە پەپوەسولێمانەیەک لە پاسەوانی مردووەکان

بۆ بەختی ئەڤینداریێ لە ئێسقانەکانییەوە خوێنی خۆی هەڵدەمشت.
ماسییەکانیش لە ریشاڵی نیلۆفەرەکان تیریێژێکی لە ئاو جێماویان هەڵدەمژی.

ئاوە ئەم ژوورەش بۆ گومانکارەکەی سەر کورسی
جێ....
دێڵم.....

لە شەو گەڕام بە گەسکەکانی قەوزەی سەر گۆی زەویم بۆ پاک بماڵێو
کاتیش بەسەر بیابانی جەستەمدا شەونم بگرێ.
ئەوەتا نەفرەت لێکراوێکم بە ئاژاوە کپەکانم شەڕی پرسیارو مانایە
رەگەزپەرستەکان هەڵدەگیرسێنمو لە ژیان دەردەچم.
ئێرە خیانەتە ئەوێش قوربانی!
خۆر لەو وەستانە غەیبییەدا دەتەقێتەوە تۆ مەوەستە ئەی **گلگامش**
چاوەڕێ مەبە ئەی **گلگامش** بەو کۆچە لەم نەخشە نەبینراوەدا لەسەر
-با-وە کات بۆ دۆڵی نەمرێتییەکەی راکێشە. لە خیانەتی بوونەوەران
مەڕەنجێ ئەی **ئەنکیدۆ**.
لە ناو خۆمدا دەڕوێمەوە رۆژهەڵات وەک بخوورێک لەسەر دوورگەکانی
تاراوگە دادەگیرسێنمو شەویش بەرانبەر تاریکی خۆی رادەسێنم،
هەتا ماوەکانی نێوان ئەوێو ئێرەو
مێژووی مێژوو،
منو تۆ،
تاراوگەیەکو تاراوگەیەک

وەک ماری ئاشقەو ماشقە بە بۆنی نەمری تێک ئاڵێن.

دەبم بە بیابان‌و دەرژێمە ناو تەنیاییتەوە.

هەڵچووەک لەمدیو رۆخی دونیا بە قوورگە نەخۆشەکەی نیتشە

بەرانبەر شەپۆلە رەشبینەکانی مێژوو مەرگی خوای دەخوێندەوە

چیاکان دەبن بە گورگ‌و بە لوورە لوور سەر لە دوای هەنگاوەکانم دەنێن.

شارەکانیش بە هەناسەی ئاسنینیانەوە رووحم داخدەکەن.

باوەش بە زمانێک دەکەم لاواندنەوەکانم بۆ ناگێڕێتەوە.

**Gunnar Ekelof** لە تەکیەیەکدا بەرانبەر ئەمیر ئەمیگۆن لەسەر ئەژنۆ

دادەنیشێ‌و جارجارەش چاو لە کۆترەکانی سەر گومەزەمە دەبڕێ.

بە کەشکۆڵێکەوە دێتەوە لەگەڵ **ابن العربی** دا بەناو باغەکانی

ئۆپسالا پیاسە دەکا.

سەرخۆشەکان دوا بوتڵەکانیان بەسەر بیرەوەرییەکانم هەڵدەدەن‌و

هەتاویش لەسەر سپێدەیەک یەخەی دوورگەکان رادەکێشێ.

پشتم بە کازێوەداو تامی شەراب لە گەرووی تەنیاییم دەفراژا،

ئەی هەستی بە بڕوا ئاوێزان لە دەمارگیرییەکانت راسێ!

ئەی **Zeus** بچریکێنە!

لەم ئەشکەوتی رووحەدا،

خەونێکی لە چاوی داستانەکانی **Rhea** دا

دەتوێیتەوە.

ئەی **Rhea** ئەو ئەستێرانەی شەڕ

راوی نان بە داستەکانت بیانگەڕێنەوە.

ئەی **Rhea** ئەم دوورگە تەنیایانە بێ ئەستێرەن

ئەی ئەستێرەکان لێرە لەم ئاسمانی تاراوگەیەدا پەنایەک وەرگرن.
مخابن ئەی ئەستێرەکان مخابن.

ئاوە ئەم ژوورەش بۆ گومانکارەکەی سەر کورسی
جێ....
دێلم....

## IV

لە ئێوارەیەکی بە باران تەڕبوودا
زەمین دوو لەتو
جەستەم دوو لەتو
ئێرەو ئەوێ دوو لەتو
گومانگاریش رادەماو گوتنێکی نەبووە.
بەم زمانە دووانەییەت، بەچی دەگەم؟
پریشکی هەوری پەیڤ لە رووخسارمەوە دەمبارێنێو
شەقام بە شەقام گەرووی تاراوگە شەونمرێژ دەکەم،
کە کۆچ بە کۆچ بەسەر شوێنو
ئاوێنە خۆڵاوییەکانی منداڵییەتیدا پەلکێشم دەکا.
ئاسمان بە بروسکەیەک زەوی رووتدەکاتەوە.
ماوەکان دەبنە پەیژەو

کاتیش بە هەڵم و باڵی خەونەکان.
پەیڤەکان دەبنە گوڵ ئەستێرەو ئاسمانیش بە کتێبێکی هەڵواسراو،
تنۆک... تنۆک بیناییمان بە مەحاڵ تەنگەتاو دەکا.
تیشک.. تیشک خەون و نهێنیمان دەپشکنێ.
وەک دەریاچەکان ئارەزووی رووتکردنەوەی ئاسمان و شووشتنی
گۆی زەوی بە شەپۆلەکانم دەکەم.
ژیان بە رێبوارێکی پەریدە بە بازنەی کات دەبەخشم و
دەمامکەکانیش بەسەر بۆشاییدا تل دەکەمەوە،
سەرم بەسەر رانەکانی ئێوارە دەکەم و دەڕازێم.#
لە ئێوارەیەکی بە خەون تەڕبوودا
لە ناو دوورگە مەمک برۆنزییەکانی **سکاندیناڤیا**
**ئۆکتۆبەر** رادەبووری و جەنگەڵ بە جەنگەڵ، زەریا بە زەریا
گەڵای یادداشتەکانت پەرتدەکاو بە دوای بۆنێک لە خەیاڵ وێڵ دەبێ،
تەنیایی وەک وڕێنە یەکتدەخاو بخوورێک لەسەر ئێوارە دادەگیرسێنی.
**مەحوی** یش سەری دەبێ بە چرای قەسیدەیەک لە گفتوگۆیەک
بە ناو گەردوون رۆدەچێ و بە دوای ماخولیایەکدا هێشووەک لە خوا
دەچنێتەوەو لە ناو تەونە ئاوریشمییەکانی بوون دەبێ بە،
هەوری پرسیارێک و رادەکاو بە هەنگاوەکانی بارانی رووح ناگا.
ئاوازێک وەک لەشێک لە ژنێتی نیگەرانیت رادەژەنێ و
تامێک وەک خەیاڵێک لە ئاورینگی شەراب زاری پەرێشانیت
گەرمدەکاتەوە.
دەمبینی تریفەی مانگ بە بریسکەی کریستاڵییەوە

بۆ ناو ئامێزە ئاوەڵاکانی پاییز دەڕژاو
نامەکانیش ئێستگە بە ئێستگە بەرەو سروودی
شەڕ بەلەدیم دەکاو بەیاد خۆم دەهێنێتەوە،
لە تاراوگەیەکەوە بۆ تاراوگەیەکی تر سەفەرەکانم مەحاڵتر دەکا.
ئەوە منم دوورگەیەکی پەڕیدە لە –با-و درەخت‌و
رابردوویەک لە ئاگرو تەمەنێک لە شەبەنگ‌و
لە چاوەکانیشم خەون دەڕوێ.
پشتم لە شوێنەکان کردو زەمەنم تەفرەدا،
بە کتێب‌و مێزێک‌و بوتڵە بۆشەکان ژوورەکەم تێرکرد.
سیمام دەتەکێنم **قەڵات** بە مەچەکە رووتاوەکانی‌و
قامەتە دوکەڵاوییەکەی لە ئامێزم دەگرێ.
بە لێوی گریانەوە بەسەر سەدەکانی دەمگێڕێتەوە.
نیوەڕۆ لەژێر پێستمدا دەبێ بە وردە شووشەی پرژاوو
هوڕەبای منداڵیش بە دەم –تا-وە دەمکا بە شەبەنگی کات،
ئاسمان دەشکێ‌و مانگیش وەک ئەسپێکی رەتاو سەرهەڵدەگرێ.
ئەم شارەش بە جەنگەڵی خەون،
بیرەوەرییە خوێناوییەکانمان زایەڵەدارتر دەکا.
وەک مێژوو ئەم تەرمە کوژراوانە جێدێڵم
گۆڕەکان بە چی رۆژوویان بشکێنن؟
منداڵەکانیش لە قوتابخانە دێنەوەو
لەبەردەم **منارەی چۆلی** سروودی **ئەی رەقیب**
بە گوێی مانگایەکی برسیدا دەچرپێنن.

نامۆیی دەبێ بە چلوورەو هەنگاوەکانیشم لە خۆم جیادەبنەوە.

تەمەنم دەکەمە پەیژە لە ماوە تاریکەکانی مێژوو دەڕوانم،

بە قوڕگی زەوی هاوار دەکەم، وەڵامم نادەیتەوە.

-با- دەنگم دەڕفێنێو کاتیش لەسەر رووحمدا شەختە دەگرێ.

لە ئێوارەیەکی بە ورێنەی مۆمەکان دادەگیرساو کۆچگردا

دوو لەتی، مێژوو نامۆو نامۆترو نامۆم دەکا

دوو لەتی، جەستەی گومانو.... دەنگم

گەڕیدەو گەڕیدەتر بە ناو خۆمدا سەهەندەم دەکا.

ئێرەو ئەوێ:

تاراوگەی تاراوگەش،

بۆشاییو بۆشایی

بۆ....

ششا... یی....

ئەوا ئەم ژوورەش بۆ گومانکارەکەی سەر کورسی

جێ...

دێلم...

دەست بۆ کلیلەکان دەبەم..
ژووری گۆڕەکەی زەوی دەکەمەوە.
پەنجەکانم دەبنە کرم و هەڵدەفڕن.
ئێوارە بە شێیە خەمۆکە گوشراوەکەی گەردوونەوە دەڕژێتە ناو هەناسەوە،
کردنەوەی قوفڵەکان بەسەر دڵدا... قەل ئاسا دەقڕێنن.
دەنگی مەرگ بە پەیژەی گەروومدا هەڵدەزنێ و باران
لە ناو هەورەکان پیر دەبێ، خەونێکیش لەمدیو
پێڵووەکانی چاوم رووخسارم بەسەر گوزەشتەکانی لێڵ دەکا.
ئەو ژنەی بۆ ئێوارەکە رووت دەبۆوە و
بە چەنەچەن لەسەر کات لەشی خۆی لە یاد چوو،
ئاخۆ ئەوە سەرەتای بەخێرهاتنە یان
کۆتایی تاراوگەیە؟
باوێشکی ئەو دارستانەی هەناوم،
بشێ ئەوە سۆراغی باڵندە دابڕاوەکانی خوابن،
یان هەنگاوە هێورەکانی تەنیایی؟
لە ناو زەریای بە زەنا گیرۆدە خۆم دەخزێنم،
بێدەنگی دیلم دەکا و مێژووش خەونەکانم دەخنکێنێ.
بە سۆزە لە خوێن پاڵێوراو بریسکاوەکانت پێستی
ماندوویێتی شەو بە پرشنگ دەپۆشم و
کتێبە پیرۆزەکان دەخوێنمەوە، پەیڤەکان دەبنە خۆڵباران و

بەرەو چیاکانی نامۆیم دەبەن، شارەکانیش لە ناو
بیناییم وەک کەشتییەکی شەپۆڵ گرتوو نقووم دەبن.
ئەو خۆرە لە چی دەڕوانێ؟!
لە شەڕی زەوی یان لە سوارە پەشیمانەکانی سورگەی عەدەم؟
ڕێگاکان ئەلف‌و بای زەوین،
زەویش دەفتەری ئاسمان.
گەر بەخشندەیی خۆر نەبێ، ئەستێرە حەوتەوانەکان بەچی دڵخۆش دەبوون؟!
بە یادم وەروە ئەی ئەو دیدارەی کە بە ئەفسانەکان
فریوت خواردو نامناسیتەوە!
ئەی بەفرەکەی دەروونی ئاسمان، ئەو وەرزانە گۆڕن وەرچەرخێ،
سیمامان لە گوناهە سپییەکانی زەوی بتوێنەوە!
دەمەوێ تیشکەکان خافڵ بن تا لەو بۆشاییەدا بیانچێنم
کە لە پشت پرسیاری خووڵگە بە جالجالۆکە تەنراوەکانی
ئەم مێژووە دیلم دەکا.
ئایا رابردوو بۆ مەحاڵ جێبێڵم‌و لەسەر ئەو خێراتە سووربم
کە زەویناس‌و فاڵگرەکان دابەشی دەکەن؟
دەنگی بازدانەکانی کات سێرەی نیگاکانم بەرەو وێڵییەک دەفڕێنێ‌و
کۆتاییش دوورتر دەکەوێتەوە.
ئەی سەرەتای ئەم دابڕان‌و گەڕانەوەیە، لە کوێ دەسپێبکەینەوە؟
ئەوە منم لە فەنای ئاشقە راهیبەکان‌و شەبەنگی شوێنەکان،
بە ئاستانەی یادەوەرییەکی شەو کوێر چارەنووس‌و بەدبینییەک
لە پریشک یەکانگیر دەکەم.

ئەوا ئەم ژوورەش بۆ گومانکارەکەی سەر کورسی

جێ...

دێڵم...

## تەئویلێك بۆ چرپەکانی کات و شوێن

-با-یەك لە بەرانبەر —با-یەکی پەلوپۆ بەستراودا کە لە خۆکوشتندا بوو

رایدەکر، پرسیارە کەڵەکەکانی غەریزەش رووتی دەکردمەوە.

ئەوانیش لە مەزەندەیەکی کاڵدا بە دوای بایەکە

دەرگاکانیان لەسەر مەرگستان شکاندو

لەسەر مێژوویەکی هەڵگەڕاوەدا شمشێرەکانیان هەڵکێشا.

ئاوە پشتمان لە ئاگر کرد کە کتێبی عەدەمی دەخوێندەوە.

دوودڵ بووین لە رمبەی ئەو ئەسپە دوورانەی

کە رووحمانی بە ناو یادەوەرییەکی پرژاودا

تا پشت خۆرنشین هەڵدەگرت.

لەوێ، گەڕان خولیایەك بو، لە ناو لەزەتەکانی

شوێندا دەستی درێژکراوی خۆرمان دەگرت

تەمەنمان رووناکیو زەویشماڵمان بوو.

پیتەکانی خۆر لە رەگمان ئایندەی خەزێنە دەکردو

بۆ سەربڕینی خوردا داوەتی تاریکیمان کرد.

**بووین بە دوورگەیەک پەشیمانبوونەوەمان بە رێگاکان راگەیاندو**

**وەک گردەکان بووینە پشتی کەنەفتی زەوی.**

**کڕنووشمان بۆ قەدەرەکانی زەویو خواو بوونەوەرەکان برد،**

**مێژوومان بە دیلی لەنێوان بەرزەخو بەهەشتدا**

**جێهێشتو پاڕاینەوە**

**پاڕاینەوە**

**پا**

**ڕ**

**ا**

**ی**

**ن**

**ـە**

**و**

**ە.**

**لە رێگەی وەفاداریی نوێژەکانەوە تا ئەبەد**

**لەگەڵ دیاردەکان پەیمانمان بەست.**

**لەبیر خۆمان بردەوە خۆر چاومان دەچنێتەوە.**

**بۆ نەمرییەکی خاکەسار کە پردی نێوان**

**بەهەشتو دۆزەخێک بوو هەڵمەتمان برد.**

**شوێنمان کرد بە کفنو کاتیش بە تەرم.**

**کە پرسیارەکان راماندەتەکێنن، ئارامییەکی کاتینە**

**لە خوا بەقەرز وەردەگرینو لەسەر دابەشکردنی**

خێرو شەڕ خوێن دەنۆشین.
جوورجەکانیش لە ناو تاریکییەکدا کریستاڵی
خامۆشبووی خەونەکانمان دەڕننەوە.
لە تەماشاکردنی خۆمان بیلبیلەکانی چاومان فێدەگرن‌و
وەک خشۆکەکان بەدەم ژیانەوە بەرەو شەڕ دەخشێین.
ئەی دۆشداماو لە ناو وڕێنەکان، بە گوناهەکانتەوە
بگەڕێیەوە
بگەڕێیەوە
ب..!

بەفر وەک ناچارکراوێک لە وەرزێکی ناچاردا رووەو زەوی قەدەرێک رادەکێشێ.
لەسەر ئەم پردەدا سەفەرەکەی کاڵدەبێتەوە، وێڵ دەبێ. هەڵمێک لە یاد
لە نادیارییەکی نادیار بۆ یەکەم ماڵ بە باڵەفرێی خەوناوییەکانی کۆچ دەکاتەوە.
بۆنی نانی ساجی دایکم گەردلوولەی وڕێنەکانم بە ناو سەرابی کاتدا دەڕژێنێ
من برسییەکی مێژوویم:
مێژووییەکی برسیم.

ئاوە ئەم ژوورەش بۆ گومانگارەکەی سەر کورسی
جێ...
دێڵم....

پاییزی 1995 – زستانی 1996
Stockholm